# له شیعری ڕۆمانسیدا، هەورامان بە سەدەیەک پێش وڵاتانی جیهانە

دارا عوسمان هەورامی
(سلێمانی)

ئەدەب و فـەرهەنگی وڵاتی ئاریانشاچ، بە سـەردەمی خـۆی هەڵکەوتووە و بەکـانیـاوە لەبن نەهاتووەکـانی بەردەوامـە و ئەو بوارە ئەدەبیـانەی وڵاتی ئاریانشـاچ، ڕەگوریشەی لە خاکوخۆڵی خۆیدا قەراری گرتووە.

لەناو هەر کـایەیەکی ئەدەبیـدا، ناودارێک، یان منەوەرێک هەڵکەوتووە، کـە لەناو ئەو کـایەیەدا، ڕێبوارێک هەلی زیاتری بۆ دەرەخسێت، تا ئەسپی خۆی بە زەریفی زین بکات و لەناو شـا ڕێگاکـاندا بەرز و نزمییـەکـان بەوردی ببڕێت، یان لە تەمەنی منداڵیدا، ئازایانە هەنگاو بۆ ترۆپکی گـردێک بنێ، بەڵام لە ترۆپکی گردەکەوە بەرەو خوار هەنگاوەکانی وەک پێشوو نابن، چونکە تەمـەن لە سـەرەتاوە بۆ کـۆتایی بەرز و نزمیی زۆری تێ دەکـەوێ، بۆیە (بێسـارانی) شـاعـیر لەکاتی منداڵیدا ئاواتەخواز بووە، لە باوەشی ناسک و نازداراندا بحەسێتـەوە، بەڵام لە تەمـەنی کـۆتاییدا، نازداران سڵی لێ دەکەنەوە و ناچن بەلایەوە.

لە دووتوێی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا باسی بێسـارانی شـاعـیر دەکـەین کـە چۆن لە کـایەی ڕۆمـانسـیدا پێشکەوتووە ، وەک: کەسێکی هەڵکەوتوو لە دەڤەری هەورامـان توانیـویەتی لە ئەدەبی ڕۆمـانسـیـدا، بە سەدەیەک پێش وڵاتانی ئەوروپا بکەوێت، هەرچەندە لە ژیان و ساڵ و لە دایکبوون و کۆچی دواییدا چەند ڕایەک هەن، بەڵام هەر هەموویان لە ڕاوبۆچوونەکانیاندا ساڵێک پێشـتـر، یان دواتر لەدایکبـوونی، یان کـۆچی دوایی کـردووە. گـرنگ ئەوەیە لە شـیـعـری ڕۆمـانسـیـدا یەک (سـەدە) پێش وڵاتانی جیـهـان کـەوتووە، بۆ سـاڵی لەدایکبـوون و کـۆچی دوایی، عـەلائەددین سـەجـادی نووسـیـویەتی سـاڵی (١٥٠٢ک = ١٦٤١ز)، لەدێی (بێسـاران) هاتووەتە دنیـاوە، سـاڵی (١١١٣ک = ١٧٠٢ز) لە تەمـەنی (٦١) سـاڵیـدا کـۆچی دوایی کردووە.

ئەگەرچی لێکۆڵینەوەکەمان باسی ڕۆمانسییەتە لە شـیـعـرەکـانی (بێسـارانی)دا، بەڵام ئاوڕدانەوە لە سەرهەڵدانی ڕێبازی ڕۆمانسیيەت لە ئەوروپادا لەسەدەی نۆزدەم سـەری هەڵداوە، ئەدەبی کـلاسـیکی ڕۆژ بەرۆژ بەرەو کزی دەڕۆیشت و ڕێگای بۆ ئەم ڕێبازە نوێیە چۆڵ کـرد، کە ڕێبـازی ڕۆمـانسی بوو، هەڵبـەتە بابەتێکی زۆر سانا و گرنگە، شانازی بەوەوە بکەین ئێمـەی ئاریانشاچ بە سەدەیەک پێش وڵاتانی ئەوروپای کەوتووین.

لە ڕۆمانسییەتدا. بۆ نموونە ئەم شاعیرەی کە ئێستا دیوانەکەی لەبەر دەستـمانە، سەدە و نیوێک و دوو ساڵ بەر لە (ڤیکتۆر هۆگۆ) لە دەرگای ئەم مەسەلەیەی داوە و یەک سەدەش پێشتر بووەتە دەستـپێشـخـەر، ئەگەر ئەو مـێـژووە بەیاد بێنینەوە کـە باسکارە ئەوروپاییـەکـان دیاریـیـان کـردووە و دەڵێن: (ڕۆمـانتـیک لە کـۆتایی

سـەدەی هەژدە و سـەرەتای سـەدەی نۆزدەدا سـەری هەڵدا..)(١). بێسارانی، حەکیم مەلا ساڵح ل٢٠.

پرسیـار ئەوەیە هەندێک لە نووسـەران تا ئێسـتاشی لەسـەر بێت، بایەخ بە فـەرهەنگ و ئەدەبیـاتی بێگانە دەدەن، کاری (حەکیم مەلا ساڵح) و (خورشید ڕەشید ئەحمەد) ڕاست بێ، کە توانیویانە زیاتر بایەخ بەم کایە ئەدەبییەی ڕۆمانتیکی خۆمان بدەن.

هەرچەندە شیعرەکانی بێسارانی هەوێن و خۆشەویستی و سروشتی وڵات و باسی ئافرەت و سۆزی منداڵیی لە ئامێز گرتووە، بەڵام سەدە و نیوێک پێشتر مایەی هیوا و پاشـەڕۆژێکی ڕوون و پڕشنگدار بۆ ئەم شـاعیـرە تۆمـار کراوە. شیعرەکانی بێسارانی کە ئاوێزانی ئاواز و گۆرانی دەبن، لە شـیـعـری خۆمـاڵی و نەتەوەیی خـۆمـان لای نەداوە، کە وڵاتی ئاریانشاچ لە سەرەتای بوونیـیـەوە تا ئەمڕۆ ئەم پەیڕەوەی بایەخدارتر کردووە. (هۆگۆ) دەڵێت: (هونەر هیچ دەسـتـوورێک بەخـۆیەوە ناگرێت، بە هەمـوو سەربەسـتـییـەکەوە خونچەی خۆی لە باخچەی هۆنراوە دەکـاتەوە، بێ ئەوەی هیچ مـیـوەیەکی لێ قـەدەغـە بکرێت)(٢) ڕێبازی ڕۆمـانـتـیکی لەئەدەبی کـوردیدا، ل ٢٧.

ڕاسـتـە هونەر سنووری نیـیـە، بەڵام هونەری گـەلان بۆ هەر نەتەوەیەک تایبـەتمەندی خـۆی هەیە، هونەر مـایەی دڵخـۆشی و ئـارامیـیـە، شـیـعریش سەرچاوەی ئەو بەها هونەرییەیە، کە دەبێتە هەوێنی گیـانی ئاواز و گـۆرانی، ئاواز و گۆرانی سروش بەخش بەگیـانی خۆشەویسـتی و پێکەوە ژیان دوور لە دەمارگیری و خۆپەرستی و ئاژاوە. کە وتمان شیعر دەبێ بە واتا و بە مـانای شیعـر بێ، کە وتمان ئاواز دەبێ لەناخی میللەتەوە هەڵقوڵابێ، کە شیعر و ئاواز یەکسـان بن، ئەوە گـۆرانیش زێد و زادەی خـۆی ڕۆشن دەکـاتەوە، چونکە گـۆرانی سـەرچاوەی عـیـشق و جوانی و سروشتە، کە ڕۆمانسییەت داوای دەکات.

نموونەیەک لە شیعرەکـانی (بێسارانی) کە بۆ ئاواز و گۆرانی دەهێنمەوە یاد، دیارە شیعـرەکەی (بێسـارانی) باسی منداڵی و زارۆڵەیی خـۆی دەکـات کـە چۆن لاو و لازۆ بووە، چۆن باسی ئازادی خـۆی دەکــات، چۆن لەو شیعرە ڕۆمانسییە خۆی بە کۆت و زنجیری شیعرێکی کلاسیکی نەبەستووەتەوە، کێش و قـافیـەی عەرووزی وەلا ناوە!. شیعرەکەی (بێسارانی) بـاسی پێکەوە ژیان دەکات، باسی ئەوە دەکات تەمەنی هەرزەکاری سەربەست و ئازادە، بەڵام تەمـەنی پیـری، وەک شیـعری عـەرووز لە یاسا و ڕێسای کۆت و بەندە ئاڵاوە.

(بێسـارانی) مـەلا و خـاوەن شکۆ و پێگە بووە، بەڵام شیعرەکانی لێوان لێون لە حەزی منداڵی، دوایی حەزی زارۆڵەیی و گـەورەیی وەلاوە دەنێ بێـجگە لە ئامـێـزی نازداران، (بێسارانی) بۆ شەیدای منداڵی خۆی دەڵێت:

**ئاخ پەی مناڵی، ئاخ پەی مناڵی**
**ئاخ وا دریغا، پەری مناڵی**
**گۆشەی خاترم جەخەم بی خاڵی**
**لاقەید بیم جەتان جەوشی و تاڵی**
**هەر بازیم مەکەرد من چەنی یاران**
**مەشیم وە باوەش نازک نازداران**
**نازداران جەمین لێم نمە پۆشان**
**ئیسە جەشوفی زەمانەی باتڵ**
**نازداران یەک یەک لێم مـەکـەران سڵ،** (٣) گـۆڤـاری هەورامان، ژمارە (٤٠) لا٥٨.

(بێـسـارانی) لە بەرهەمـە شـیـعـرییـەکـانیـدا، پەنا بۆ قـارەمـانێکی دیکە نابات، خـودی خـۆی ئامـادەیی و پشتوپەنایە، تەنیا خۆی یاریدەدەری خۆیەتی.

لە شـیـعـرەکـانیـدا عـاشقی بن دار توویەکـە، عـاشقی یارەکـەیەتی، هەروەها (بێـــسـارانی) لە دەربڕینی شیعرەکانیدا، هانا بۆ کەسانی دیکە نابات. پشتوپەنای دەڤـەرەکـەی هامکارییـەتی بۆ پەرەپێـدانی شـیـعـری ڕۆمانسی.

لەم شـیـعـرەدا (ئاخ پەی مناڵی) ئەوەندە شـێت و شەیدای جوانی ئافرەت و بەها ئینسانییەکەیەتی، لەبن دار تووەکـەدا نزا لەو درەخـتـە دەکـات، کـە نایەڵێت یارەکەی خۆی بە جوانی ببینێت، ئەوەندە یارەکەی خۆش ویستووە، وەک زارۆڵەی مەمک لەناو دەم گر و کڵپەی دەروونی بەرز دەبێتەوە، خەریکە دەنگی منداڵی خۆی و دیمەنی سـروشـتی و بوونی خـەیاڵی منداڵی وەک منداڵێکی ساوا، کە هەرگیز لە باوەشی دایکی نابێتەوە.

ئەوەتا بۆ گـەواهی لێکۆڵینەوەکـە، ڕەسـەنایەتی زمانەکـەت بناسە هاتووە: (ئەگـەر لە ئەدەبی کـوردیدا باسی ڕۆمـانسـیـیـەت بکرێ، دەبێ (بێـسـارانی) بەخاوەندی ڕۆمانسییەت ئەژمار بکرێ.

ئا لەم چەند دێڕەدا (بێسارانی) دەڵێت: دەخیلتـان بم، با گـۆڕەکـەم لەسـەیرانگای (قـەڵوەزانی ڕەزان) بێ و ئا لەوێ با گڵی گۆڕەکەم، زۆر کۆن بێ و تا یارەکـەم کە بۆ

سەیران بۆ ئەوێ دێت، با نەزان پێ بنێ بەگڵکۆکەمدا و (پا)ی لێم بکەوێ، تا دەردەکانم دابمرکێنەوە، نەوەک بەهۆی گڕی زەردەکانمەوە بەردەکانی سەر گۆڕەکەم بسووتێن، ئەمەش پارچە شیعرەکەیە:

**چراغ ڕەزان بۆ، چراغ ڕەزان بۆ**
**خاس ئیدەن گڵکوم نەپای ڕان بۆ**
**نزیک وە پرشنگ پای قەڵوەزان بۆ**
**ئامێتەی خاکم، وەڵگی خەزان بۆ**
**با خاکی گڵکۆم، خاکی نۆ نەپۆ**
**با یەکجار کۆنەی، سەد ساڵ کۆنە بۆ**
**بەڵکە قیبلەی وێم، جەناکام جارێ**
**بە پۆ وە سەیران، عەزم شکارێ**
**نابەڵەد بنیۆ، پاوە گڵکۆم دا**
**وە قەبری تا زەی، تەنیایی نۆم دا**
**تا جە چپری سەنگ ساکن بۆ دەردم**
**ئەبا سەنگ سۆچۆ، بە ئاهی سەردم** (٤) ڕەسەنایەتی زمانەکەت بناسە لا١٧٤.

ئەم پارچە شیعرەی (بێسارانی) من خۆم ئاوازم بۆ داناوە، زەمەن نوری عەلی مۆزیکی بۆ سازاندووە، دیارە یار لەلای (بێسارانی) واتای زۆر بەرین و فراوانە، تەماشای چەمکی شیعرەکە بکەین، گریان و زاری و ئاهی پڕ حەسرەتی (بێسارانی)، وەڵکی ڕەزە دێم، بەری جۆراوجۆری مێو و ترێی ڕەنگاوڕەنگ، گوڵ زەمەقی سەر قەبری بێسارانی و سووتانی ئاهی ژێر سەنگی سەرسنگی بێسارانی وێنەی فۆتۆگرافی نازدارەکە، کزەی زامی کۆنە و نوێی خاکی سەر نیشتووی وەڵکە خەزانی، تاریکە شەوێ، ئازیزی بێسارانی چرای شەوی پاییز، کە ڕەزەوان بۆ کردنەوەی بەرهەمی ڕەز و چراش ڕێپیشاندەر ببێ بۆ ئازیزەکەی، ئەمە وەسفی سروشتی ڕۆمانسییەتە بە هەموو بەهاکان ساکن بووی دەردی (بێسارانی)ن.

ئەو لێکۆڵەرە ئەوروپییانە دەورێکی کاریگەرییان بینیوە بۆ ڕووخاندنی ئەدەبی کلاسیکی و دامەزراندنی ئەدەبێکی نوێ، کە شوێنی ئەو ئەدەبە بەسەرچووە بگرێتەوە.

هێنانە کایەی ئەدەبی ڕۆمانسییەت بەرپاکردنی شۆڕشی دەوێ، دیارە بەرپاکردنی شۆڕشی ڕزگاریخوازی دژی زوڵم و ستەم دێتە ئاراوە، ئەوە بوو ئەدەبی ڕۆمانسییەت شوێنی ئەدەبی کلاسیکی گرتەوە، چونکە هەروەک ئامازەمان پێ دا کلاسیک لەناو ئەدەبدا کۆت و زنجیر بوو، ئەدەبی چینی ئۆروستکراتی بوو، بەڵام ڕۆمانسییەت، ئەو کۆت و زنجیرەی وەلاوە ناوە، ئەدەب گەڕایەوە بۆ سروشت، بۆ جوانی و بایەخ پێدانی بەهاکانی ئافرەت، ئافرەت لە کۆشک و تەلاری دەوڵەمەندەکان و دەرەبەگەکان ڕزگاری بوو. ئەدەبیاتی ڕۆمانسی تەوژمێکی کتوپڕ نەبووە، بەڵکو وەک دیاردەیەکی فەرهەنگی و ئەدەبی سەری هەڵدا. دەتوانم بڵێم سەرەتا لە هەورامانەوە ڕۆمانسییەت سەرقافڵەی وڵاتانی جیهان بوو. لە وڵاتە ئەوروپییەکانیشدا، سەدە و نیوێک دوای هەورامان لە وڵاتی ئینگلیز و ئەڵمانیا دواییش لە فەرەنسا مەیدانی خۆی فراوان کرد و گەلێک ئەدیب و نووسەر و شانۆکار لەو بوارەدا ئەسپی خۆیان تاودا، یەکێک لەو شاعیرانە باسی خۆشەویستی دەکات (شیللیە) کە خۆشەویستی لەلای ئامانجێکی پیرۆزە، بۆ دۆزینەوەی نهێنییەکانی ناو دڵ و دەروونی ئادەمیزاد، وەک لەم پارچە شیعرەکەدا بە ناوی (فەلسەفەی خۆشەویستی)دەری بڕیوە کە بە شێوەیەکی فەلسەفەیی دایڕشتووە و لە مێشکی خۆیدا لایەنەکانی سروشت لێک دەداتەوە و بەراوردێکی جوانیشی لە نێوان سروشت و مرۆڤدا کردووە و دەڵێت:

**سەرچاوەکان بە ڕووبارەکان دەبن**
**ڕووبارەکانیش تێکەڵ بە ئۆقیانووسەکان دەبن**
**بای بەهەشت تێکەڵاو دەبێت هەتا هەتایە**
**بزووتنەوەیەکی شیرین**
**هیچ شتێک لەجیهاندا نییە**
**هەموو شتێک بە شێوەیەکی یاسایی پیرۆزە**
**دەبینی چیاکان ئاسمانیان گرتووەتە باوەش**
**شەپۆلەکان یەکتری دەگرنە ئامێز یەک لەدوای یەک**
**هیچ گوڵێک پشت لە براکەی ناکات**
**تیشکی مانگ دەریاکان ماچ دەکات**
**بەڵام نرخی ئەمانە چییە؟**
**ئەگەر تۆ من ماچ نەکەیت**(٥) ڕێبازی ڕۆمانتیک لەئەدەبی کوردیدا لا ٣٤.

شیللی، هەرچەندە تەمەنی کەم بووە، بەڵام لەو ماوە کورتەدا دیوانێکی شیعری جوانی خستووەتە بەردەمی خوێنەرانی خۆی، ئەمە لە بەرهەمەکانیدا شاعیری ڕۆمانسی ئینگلیز (ولیەم وۆردزۆرس)یش بەدی دەکرێت، ئەگەرچی (بایرۆن)یش لە ڕێگای شیعرەکانییەوە داوای مافی چەوساوەکانی کردووە، بەڵام

شیللی تەنیا کەسێک بوو، واتای سەربەستی و مافی مرۆڤی ڕوون کردەوە، بەڵام لە وڵاتی ئاریانشاچەکان لە سەرەتای دروستبوونی مرۆڤەوە شاعیران داوای سەربەخۆیی و سەرفرازییان بۆ مرۆڤ کردووە، مافی ئافرەتیش پێش زایین، دایک سالاری هەبووە و سکەی پارەش لە هەورامانداوێنەی ئافرەتی پێوە بووە، سروشتی ناوچەکەش وەهای کردووە شاعیران لە ڕک و کینە دوورکەوتوونەتەوە، هەردەم بەهای بەرزیان بۆ گەردوون و مرۆڤ و دەوروبەر خواستووە، هەروەها (گۆران)ی نوێخواز زۆر بە باشی، ئافرەتی جوانی وەک بابەتێکی ڕۆمانسی سەیر کردووە، لە شیعرەکانی (گۆران)دا ڕەنگی بداوەتەوە. (لە پارچە شیعری (شەوێک لە عەبدوڵلا)دا وەسفێکی سادەی ڕەنگاوڕەنگی جوانی لەشی ئافرەتی سەماکەری کردووە، کە یەک، یەک، یان دووان دووان بەسەر مێزی دەوڵەمەندە بۆرژوازەکانەوە دابەش بوونە، بەجوانی لەشولاریان دەوری مێزەکانیان ڕازاندبووەوە و بووبوونە مایەی خۆشی و بەختیارییان، لە بەردەمی ئەو بۆرژوایانەدا سەمایان دەکرد، بەڵام گۆران لە ئاهەنگی ئەو شەوەدا، هەست بە ناخۆشی دەکات، کە بەهۆی وەنەوزی خەو ئەم ئاهەنگ و مۆسیقا و بەروبوومە خۆشەی لەکیس چووە، بوونی جیاوازی چینایەتی و نادادپەروەری چینی بۆرژوا بووەتە هۆی کۆبوونەوەی ئەو ئافرەتانە لەو جێگایەدا، گۆران دەڵێت:

**ئافرەت! چرای کۆڕی ئاهەنگ،**
**لەنجەی جوڵان مۆسیقای دەنگ**
**لەسەر هەر مێزە یەک دوانێ**
**بۆ چەشنی جوانی، نیشانێ**
**یەکی قژ زەرد یەکی چاو ڕەش**
**یەکێکە لێو وەک گوڵ - خونچەی گەش (٦)**

سەرچاوەی پێشوو، لا ,٢٢

ئەم نموونە شیعرییانە، کە هەریەکەیان جۆرە بابەتێکی ڕۆمانسی باس دەکەن، نموونەی ئەدا و پێکهێنانی دەستەواژەیەک لە ئەدەبیاتی ڕۆمانسی دیاری دەکەن، بۆیە بەرهەمی ڕۆمانسی لە چەند خاڵێکدا گفتوگۆی فەرهەنگی و ئەدەبی دێنێتە بەرهەم:

١-جەوهەری بەرهەمی ڕۆمانسی لەسەر بنچینەی کەفوکوڵی دەروونی و هەست و نەستە، کە بەتەواوەتی دووره لەکردار و ئاوەزەوە، واتە شەو بە فرمێسک سەرینەکەی دەشۆرێ، یان لە خۆشیدا مەرگ شاد دەبێ.

٢-هەرچی لە کردارەوە هەڵقوڵابێ دووره لێیەوە و سەرپاکی (خەونی نەخەوتوو)ـە و خەیاڵی بێدارییە و وەک ئاواتی بەنەوشەیی.

٣-زمانەکەیان، یان کەرەستەی زمانەکەیان ساکارە و ڕواڵەتەکەی زمانی گەلە و زادەی کەفوکوڵی هەستی دەروونین و لەلایەن خەڵکی ئاساییەوە بەبێ دەستکارییە و زوو هەڵدەمژرێت.

٤-کێش و سەرواکانی ڕواڵەتی هۆنراوەکە (ئەگەر هۆنراوە بێ) بە شێوەیەکی گشتی لەسەر پەیڕەوی (دە) برگەیین کە لەسەر ئاوازەکانی گۆرانی هۆنراونەتەوە، وەک ئاوازی: (گات = قەتار) و (سیاوچەمانە) و هی دیکە، دەشتوانین بڵێین، کە بەپێی خواستی ئەو ئاوازانە، لە هەستەوە دەڕژێنە خوارەوە.

٥-زۆربەی زۆری باسەکان لە ڕووی ناوەڕۆکەوە، دڵدارین، خەون و خەیاڵن، ئاواتی بەنەوشەیین و زادەی نەست و دەروونن، ئەمە سۆفیگەرێتیش و عەودالّی و دیوانەیش دەگرێتەوە.

٦-ئەو ئاواتانەی کە ئەم جۆرە شیعرە ڕۆمانسییانە دروستی دەکەن، هەرگیز نایەنە دی، وێنەی ڕەنگنامەی ڤیدیۆیی خەیاڵاوی دەخاتە بەردەم گوێگر(٧) ڕەسەنایەتی زمانەکەت بناسە، لا ,١٧٢

وێنەیەکی تری هۆنراوەی باڵوولی دانا، باڵوول دەڵێت:

**ئەو واتەی یاران، ئەو واتەی یاران**
**وەقانوون و شەرت، ئەو واتەی یاران**
**چەندێ مەولا بیم گەردمانە شاران**
**یارانم کەردەن، وە قەوای ماران**

ئەو واتایە و ئەم کردە غەیبییە، کە (باڵووڵ)ی دانا باسی دەکات، لە توانایی ئەمدا نییە (ئەم وتەیەی من بەپێی ناوەڕۆکی ئایینی ڕاستەقینەی دیوانە گەورەیە کە تێیدا هاتووە و گوایا حەوتەوانە دەست پێ دەکات، پاشان شا موبارەک، دواتر شا سەهاک و تا کۆتایی دنیا، دەبن بە حەوت و حەوتەکەش هەر یەکێکن، بۆیە باڵوولی دانا ناتوانێ ببێ بەمەلا، ئەمەش خەوی نەخەوتووی خەیاڵ و هەست و خواستی دەروونێتی، بۆیە دەبێ بیخەینە چوارچێوەی ڕۆمانسییەتەوە، ئەگەر هاتو زانیمان، ئەگەر بهاتایە، ئەوە وەها بووایە، لە قەباڵەی نهێنیدا، ئەمە باس دەکرا!

لە ناوەڕۆکەکەی ورد بەرەوە دەڵێت:

بەواتەی یاران بۆ ماوەیەک (مەولا) بووم و گەرد و خۆڵی زۆرم بەشاراندا کرد و یارەکانیشم وەک کەوا – (کاژی مار) کردمنە (کاژیان = کەوایان) کەوای ماران، ئەمە شێتانە بێ، یان دەروێشانە، خەونی خەیاڵییە و دوورە لە ئاوازەوە.

باڵووڵی دانا ساڵی (۲۰۱۹) کۆچی دوایی کردووە، (۸) سەرچاوەی پێشوو، لا۱۷۲.

ئەم نموونانەمان بۆ ئەوە هێنایەوە، تەنیا (بێسارانی) شیعری ڕۆمانسی نەفەرمووە، بەڵکو زۆربەی شاعیرانی هەورامان بەرهەمی ڕۆمانسییان بە وێنەی شیعری جوان ڕازاندووەتەوە، بەڵام سەرقافڵەی هەموو شاعیرانی هەورامان (بێسارانی)یە، بۆیە زیاتر ئەم لێکۆڵینەوەیە بە شاعیری هەمیشە زیندوو (بێسارانی)یەوە پەیوەستە کە لەدەڤەری ژاوەرۆ، یان هەورامانی ژاوەرۆ، کەژاوەرۆش، نزیک شاری سنەیە.

پرسیار ئەوەیە بۆچی زیاتر شیعری بڕگەیی بۆ ئاوازەکانی گۆرانی دەلوێن؟ هۆیەکەی چییە؟ بۆچی هونەرمەندی گۆرانی واچ بە شیعری بڕگەیی ماندوو نابێت؟ ئەو شیعرانە کە بڕگەیین لەخاک و خۆڵی زێدی خۆیانەوە، هەڵقوڵاون، دەسندەخۆری ئەم لاو ئەولا نین.

هەرچەند شیعر سادە و ساکار بێ، ئەوەندە ئاوازی گۆرانییەکە بەرهەمدار دەبێت، بەتایبەتی شیعرەکانی (بێسارانی و مەولەوی) ئەوەندە ڕۆمانسییەتەکەیان فراوان و بەرهەمدارە، گۆرانی واچ پەنا بۆ هەر شیعرێکی ئەم شاعیرانە دەبات، ئەوە شیعرەکە لەگەڵ ئاوازەکەدا ساز دەبێت، هەروەک کانیاوی بەهارە، وەک بڵێی شیعر و ئاوازەکە لەیەک تاڤگەوە ئاوەکەیان دێتە خوارێ.

لە شیعری هەورامیدا مەرجە بنەڕەتی و گرنگەکانی لیریک هەیە، زۆربەی باسی ئەڤین و دڵداری و پاڵەوانێتییە، کە هەست بە دووری و ئەشکەنجەی بە یار نەگەیشتن دەکات، یان ڕامانە لە سروشتی شیرین و لە جوانیدا بێ هەورامان و ناوچەکانی تری گۆران نشین.

توێژاڵی ڕەگەز و دیمەنەکانی سروشتە چ وەک کەرەستە و ئامێری هونەری، یان سەرەتا دامەزراندن و ئارایشی بنەمای غەزەلەکان هەمیشە هەیە. زۆرجاریش هەر غەزەلی تایبەتی لەپێداهەڵدانی سروشتدا، یان دابونەریت و جەژن و شایی و شیوەن و شینی مرۆڤ، ئەمی ناوچەیە وتراوە، ئەدەبی گۆرانی بە تایبەتی و سەرجەم هی کوردیشی پێ دەوڵەمەند کراوە.

لیریکای گۆرانی شیعرێکی بەڕاستی دەربڕی هەست و ئەندێشەی زاتیی مرۆڤە (۹) گۆڤاری هەورامان، ژمارە (٤٠) لا ٥٦.

سەردەمێک، یان زەمانێک، دەڤەری زێد زادەی بێسارانی ئاوازی فۆلکلۆری، یان سیاچەمانەی بەرزە چڕی گاتاکان، ئەوەندە شیعرەکان، یان دەقە شیعرییەکان بە تایبەتی شیعری بڕگەیی لە هەوراماندا، هەر میراتگریان شیعری لیریکایە، بۆچی شیعری لیریکی، یان بەواتایەکی دیکە، شیعری گۆرانی لە هەوراماندا سەری هەڵداوە؟ ئەم دیاردەیە ڕوون و ئاشکرایە سروشتی ناوچەکە و بوونی کەرەستەی شیعری و خەرمانی وشەی فەرهەنگی، بوونی جۆرە ئاوازەکانی گۆرانی ئەمانە هەمووی زەمینەی لەبارو لەبن نەهاتووی شیعری لیریکین، ئاوازەکان هونەرمەندی گۆرانی واچ ماندوو ناکەن، هەروەها واتای شیعرەکان پەیوەست بە خاک و خۆڵی زێدی هونەرمەندەکەن هەروەک ئاماژەم بەوەدا ئاوازەکانیش هەریەکەیان قوتابخانەیەکی تایبەتین بۆ هەموو ئاوازەکانی گۆرانی.

هونەرمەندی گۆرانی واچ خۆی بە بوارەکانی ڕەوانبێژییەوە نابەستێتەوە، ڕەوانبێژی زیاتر بۆ شیعری عەرووز لواوە، نەک شیعری بڕگەیی، چونکە شیعری بڕگەیی خۆی ڕیتمە، بە تایبەتی لەسەر وەزنی چەپڵە یەکسانە بە شیعری بڕگە، بەڵام شیعری کلاسیکی، هونەرمەند بە کۆت و زنجیرەوە پەیوەست دەکات، بۆیە هونەر و ئاوازی هەورامان، یان ئاوازی بەرزەچڕی سیاچامەکان خۆی لەدەرگای عەرووز نادات.

(کرۆکی شیعری لیریکی تاسەی یار و جۆشدانی دڵە: لە شیعری لیریکیدا، یان غەزەل)، بە هەردوو چەشنی مەجازی و حەقیقی، شاعیر لێوان لێو دەبێت لەیار، شاعیر بەردەوام لە پرۆسەی خۆ لەبیرکردن و خۆ پڕکردنەوە لە زیکر و یادی یار.. (۱۰) هەمان سەرچاوە، لا ٥٩.

ئەم شیعرەی (بێسارانی) مەجازی نییە، بگرە زۆر لە ڕاستییەوە نزیکە و باسی یارەکەی دەکات، بۆچی لە بەیاندا، بەیانی بەیان، یان بەهێی ناسکی کە بێسارانی دەخاتە حاڵی خۆیەوە، عاشق شەیدای ئەو بەیانە دەبێت، هەروەها ئەم شیعرە زۆربەی گۆرانی واچەکانی هەورامان و گەرمیان ئەم شیعرەیان کردووە بە گۆرانی، بەقەتار، بە ئای ئای، بەوردە بەزم، بە سیاچەمانەی بەرزەچڕ، چڕیویانە، ئەوەش نموونەی شیعرەکەیە، کە دەڵێت:

**جەو بەیانەوە، جەو بەیانەوە**
**حاڵی پێم یاوان جەو بەیانەوە**
**خاڵێ دێم جەبەین دوو بەیانەوە**
**وەبانی بەیندا مەشنیانەوە**
**حەکاکانی ڕۆ گرد بەیانەوە**
**کێ دیەن مەغریب جە بەیانەوە**
**هەتا (موستەفا) سەرمەنیانەوە**
**هەروا بەحەسرەت ئەو یەیانەوە** (١١) هەمان سەرچاوە، ل٥٩.

ئەم شیعرەی جەو بەیانەوە، وێنەی زیندووی ڕۆمانسییەتە، ئەم شاعیرە، وابەستەی زێد و سروشتی خۆیەتی، پرسیار دەکات و دەڵێت: کێ دیویەتی ڕۆژئاوابوو لە بەیاندا سەرهەڵبدات؟

دیارە هەریەکە لە شیعرەکانی ئەم پایە بەرزە، شۆڕشێکە بۆ بۆنەیەکی ڕاستی و حەقیقی بەرپای کردووە.

بۆیە ئەم دەقە شیعرییە بۆ هەموو ئاوازەکان ملوانکەیە کە شیعر هەبوو، بە تایبەتی شیعری گۆرانی، ئەوە گرنگی موزیکمان بۆ دەردەکەوێ. گرنگی موزیک، یان شیعر لەوەدایە، کە هەردوو دەستەواژەکە تەواوکەری یەکتری بن، واتە دەبێ ئەو شیعرەی کە موزیک ژەن، یان ئاوازدانەر هەڵیدەبژێریت، دەبێ لەگەڵ ڕیتمی موزیکدا موتربەی یەکتری بن، نابێ ئاواز بە جیا و ڕیتم بە جیا بێ، بۆیە شیعرەکانی (بێسارانی) زۆربەیان خۆیان موزیکین، لەبەرئەوەی شیعرەکانی لیریکین، ئەمەش وا دەکات، ئاوازەکە بۆ گۆرانی دەست بدات، زمانی هەورامی خۆی بەوە ناسراوە، کە زمانێکی موزیکییە، هەر بۆیە هەندێک، یان بەشێک لە موزیکژەنەکانی وڵات، ئەوەیان لەلا پەسەندە، کە ئاواز و گۆرانی هەورامان پێویستی بە موزیک نەبێت، بەڵام کاتێک گۆڕانکارییەک لە ئاوازێکدا دەکرێت، ئەوە بێ گومان موزیک دەبێتە سەرچاوەی ئاواز و گۆرانی هەورامانی دەلال و سەرکەش.

من بە خۆم یەکێکم لەو ئاوازدانەر و گۆرانی واچانە، لە هەمان کاتدا لە شیعری گۆرانیدا دەڵێم و باوەڕیشم بەوە هەیە، هەتا موزیک لە ڕووی تەکنیکەوە پێشکەوێ، ئەوە ئاواز و گۆرانیش پێش دەکەوێت، قۆناغ بەقۆناغ، لە کاروانی هونەری جیهان دواناکەوێت، چونکە ئەمڕۆ دوێنێ نییە، سبەینێش، ئەمڕۆ نییە! بۆیە هونەر و ئاوازی گۆرانیش لەسەر بنەمای خۆی بێ بەش نابێت لەو ڕەوڕەوەیەی کاروانی هونەری موزیکییە.

(بێسارانی) خودی خۆی کەسێکی دڵشاد و سروشت پەروەرە، بۆیە شیعرەکانیشی خەم ڕەوێن وابەستەی شادین، شادی لە شیعرەکانیدا سەرچۆپییان گرتووە، شیعرەکانی هیچ وشەیەکیان لەیاد نەکردووە، بگرە لەبواری فەرهەنگسازیدا چەندان وشەی جۆراوجۆر بۆ واتای جیا بەکار دەهێنێ، دەمێک باسی چرا دەکات، دەمێک وشەی شەو، دەمێ قیبلە، یان ڕەزە، یان بای شەماڵ... تاد، هەروەها ڕەگەزی جۆراوجۆری فرەی بەکارهێناوە، لەوانە ڕەگەزی ئەدەبی، خەیاڵ، عەشق، سروشتوازی، عیرفان زوانی ئەفسووناوی، باری نۆستالۆژی و هەستی شاعیرانە، ئەم هەموو وشانە زۆر زانایانە و حەکیمانە وشەکان و ڕستەکانی لە شوێنی خۆی وەک سندوقی هەزار پیشە داناوە.

## عەشق لە ڕوانگەی ئەم شاعیرە پایەبەرزەوە

ڕاستە شیعرەکانی بێسارانی ڕەوەند و ڕوانگەیەکی عاشقانە و ئەوین و خۆشەویستییان پێوە دیارە، با ئەوەی لەزمانی خودی مامۆستاوە تێبگەین بزانین چیمان لەو بابەتەوە بۆ دەڵێت: لە پارچەی (جەگۆشان بێ دەرد)دا ڕوو لەفەرهاد و مەجنوون وەک دوو ئەویندار بەناوبانگ دەکات و چەندان وێنەی ئەویندارانەمان بۆ دەخوڵقێنێت، وەک دەڵێت:

**دەکۆشان بێ دەرد، جەکۆشان بێ دەرد**
**فەرهادو مەجنون، جەکۆشان بێ دەرد**
**فەرهاد هەر سەنگش تاشا بەتێشە**
**مەجنوون کۆ گەردیش کەردەبێ پێشە**
**فەرهاد هەر سەنگش مەتاشا جەتاش**
**مەجنوون جەئاهش سەنگ مەبی خاشخاش**
**مەگەر دەردەدار چوون ئەوان مەبۆ**
**دایم ڕەنگ زەبوون ناتەوان مەبۆ**
**دەردەدار کەسێن دەردش بۆ نەسەر**
**دووش کۆی بیستوون بگێرۆ نەوەر**
**من زەڕەی دەردم هانە دەروندا**
**وەختەن نەجد بدەو وەبێستووندا،** (١٢) هەمان سەرچاوە، لا ١٣٢.

لێرەدا ڕوودەکاتە فەرهاد و مەجنوون و دەیانباتە ژێر پرسیارەوە، دەڵێت ئەوان عاشقی ڕاستەقینە بوون،

عەشق و خۆشەویستی شتێکی زۆر گرانە، من تەنیا زەڕەیەک عەشقم لەسەردایە، وەختە نەجد بدەم بەسەر بێستووندا کە بەم بۆچوونەی، خۆی لە فەرهاد و مەجنوون ئەویندارتر دەزانێت، چونکە عەشق و ئەویندارى (بێسارانی) زیاتر دەروونی هەژاندووە، دیارە فەرهاد و مەجنوون، فەرهاد بۆ شیرین چەکوشی دەوەشاند، بەڵام مەجنوون بۆ ئەو یارەی عاشق بووە، کە نەیتوانیوە پێی بگات، دیارە ڕاز و چیرۆک لەسەر لەیلێ و مەجنوون زۆرن، بۆیە (بێسارانی) نموونەیەکی زیندووی هێناوەتەوە. بێسارانی ناڵەی دەروونی لە هەردووکیان زیاتر سووتاوە، ئەم شاعیرە عەشقی یارانی، عەشقی سەرچاوەی هەولێی، عەشقی یارەکەی، عەشقی چلێ نەپەنا، لەمانە زیاتر ئەسپی خۆی لە عیشقدا تاوداوە.

## بێسارانی و تابلۆ شیعرییەکانی

شیعرەکانی وەک یەک دانە تابلۆی شێوەکاری وان، بە خوێندنی هەر شیعرێکیشی تابلۆیەک لەئەندێشەی خوێن، یان خوێنەردا خۆش دەکات، بەڕاستی وەک شێوەکارێکی کارامەیە، تابلۆی شێوەکاریمان پیشان دەدا، کە وێنەیەکی ڕۆمانتیکی تێدا کێشراوە، کاتێک کە نزیکی تابلۆکە دەبیتەوە، بەوردی واتای پارچە شیعرەکە دەخوێنیتەوە، هەروەک ئەو تابلۆیە چەندان شتی تێدا بەدی دەکرێت، لەو تابلۆ شیعرانەوە چەندان وردەکاری ئەدەبیت بەرچاو دەکەوێت کە هەستی مرۆڤ دەبزوێنن بۆ وێنە:

**(ئارۆ خەزانی زەرد بامم وینا**
**کەفتە بێ نە لێو تان گوڵ مینا**
**عەکس دیار بێ نە گولاو تاف**
**چمان من مەدیا نەڕووی جام ساف**
**شیام هورم گێرت دیام پێشدا**
**چمان چەمم دان بەسەد نێشەدا)**

دەبینین لە پارچەیەکی سێ دێڕیدا ئاسارێک دەخولقێنێت کە ئەگەر چەندان جار بیخوێنینەوە، ماندوو نابین و هەر جارەی شتێکی دیکەی لێ فێر دەبێت، مەعنای شیعرەکە بەشێوەی ساکار دەڵێت: ئەمڕۆ چاوم بەگەڵادارێکی زەردی دەستی وەرزی خەزان کەوت، کەوتبووە قەراغی گۆلی قەڵبەزە ئاوێ، کە ئەوەندە ڕوون بوو، وەک شووشەی ئاوێنە دەینواند، وێنەی گەڵای دارەکە لەنێو گۆلاوەکەدا بەجوانی دەبینرا، وام دەزانی کە ئەو سەیری من دەکات، منیش چووم هەڵم گرت و سەیرم کرد، وەک ئەوە بوو کە نەشتەرێک بەچاومدا بکەن.

بۆچ دەڵێت: وەک ئەوەیە کە چاوم نەشتەرێکی پێدا بچێت، بێسارانی لە شێوەی ڕەنگی گەڵا دارەکە دڵ و دەروونی تێکچووە، ئەو گەڵایە خودی (بێسارانی)یە، بۆیە دەڵێت: (چمان من نەدیا)، بەڵێ: لەو ئاڵوگۆڕەدا خۆی دەبینێتەوە، هەتا جیا لەسەنایەعی ئەدیب و وێنەگرییەکی جوان، دەتوانم بڵێم جۆرە بۆچوونێکی خەیامیش لەو شیعرەدا بەدی دەکرێت(١٣) هەمان سەرچاوە، لا ١٣٠.

وێنە جۆربەجۆرەکانی (بێسارانی، بەتایبەتی لە شیعرەکانیدا هەریەکەیان بەجیاوازی تابلۆی شیعرە ڕەنگینەکانی، ئەوە دیاری دەکەن، کە مامۆستا (بێسارانی) ئەسپی خۆی وا ڕاهێناوە لەناو دەریای ڕوونی شیعردا، باز بازێن بکات و بەسەرکەوتوویی خەیاڵ و ئەندێشە لە شیعری ڕۆمانسییەتدا، ئەسپەکەی دەرباز ببێت، هەروەها لە شیعرەکانیدا (چەندان وێنەی دژ بەیەک دەخاتە پاڵ یەک، کە بەگشتی وێنەیەکی هونەری نەبینراو و نەبیستراو دروست دەکات:

**سۆز، جەسوزی من بێقەرار بیەن**
**دەرد جەپەی دەردم، دەردەدار بیەن**
**زامەت زویرەن، جەپەی زامەتم**
**خەم خجڵ مەندەن، جەخەم قامەتم**
**ویڵ، جەویڵی من، تەمام ویڵ بیەن**
**چوون من کۆبەکۆ ئارا گێل بیەن** (١٤) هەمان سەرچاوە لا ,٧٠

ئەم جۆرەی دیکەی وێنە لە زمانی شیعرەکانیدا، دژوارییەکی ناوخۆیی زۆر ڕوون و دیارە کە شتێکی نەگونجاو دەخاتەڕوو.

دوای کەمێک بیر و هۆش، یەکسەر شتێکی ڕیالیزمی بەرهەم دەهێنێت، نموونەش ئەم شیعرەی بەردەستە، کە خستیانە بەر دیدەی خوێنەران، ئەمەش لە ئەدەبدا بۆ خۆی خانەی خۆی هەیە، هەروەها دەری دەخات کە شیعر بە شێوەی قووڵ، یان سادە وێنەی دژ بە یەکی هەیە، ئەگەر ئەو جۆرە بیرکردنەوانە نەبن، شیعر بە شێوەی جیاواز نایەتە بەرهەم.

هەرئەمەش وای کردووە، کە شیعرەکانی (بێسارانی) بۆ گۆرانی و ئاواز دەست لەملانی ڕوحی مرۆڤ بێن و ژەنیار و موزیک زیاتر بایەخ بەم جۆرە شیعرانەی بدەن،

کەواتە شیعری بێسارانی خۆشی و ناخۆشی واتا و دژ واتا، وێنە بە وێنە، خەیاڵ بە خەیاڵ، دەبنە چەمکی شیعری لەلای ئەو، ئەوەش ئەزموونی سەرکەوتووی ئەم شاعیرەمان بەسەرکەوتوویی لە دەریای سپیدا بۆ بە ئەنجام دەگەیەنێت. جاری وا هەیە لە شیعرەکانیدا وێنەیەک دیاری دەکات، بەڵام چەندان وێنەی تر لە شیعرەکانیدا دەردەکەون، بە دروست بوونی وێنە لە پارچە شیعرێکدا، چەند وێنەیەکی تر دەردەکەون، ئەوەش فەلسەفە و بیری شاعیر زیاتر فراوان دەکات.

بۆ نموونە وێنەی زوڵف نیشان دەدات، بەڵام چەندان وێنەی تر فەراهەم دێت، بێسارانی دەڵێت:

**شیرین زوڵف لوول، شیرین زوڵف لوول**
**فیدای زوڵفت بام، گا گرژەن، گا لوول**
**گا چوون سیاوار، پەشێوەن، مەلوول**
**گا وێنەی لاولاو، مەپیچیۆ نەتووڵ**
**گا گا پەشێوەن، گاهێ گرنچەن**
**گا گا گرەبەند، ملەمای زنجەن**
**گا گا چەم وەردەن، چوون چەنبەرەی چین**
**گا پەی حەمینت بیەن وە پەرچین**
**گا تاتان جەتاو سەر ڕەشتەی شەماڵ** (١٥) هەمان سەرچاوە، ل ٧٠.

ئەم شاعیرە، شیعرەکەی هەمووی وێنەیە، چەندان وێنەی لەم شیعرەدا بە وێنەی دی خۆی نمایش دەکات، هەروەها دەوڵەمەند کردنی زمانە بەوێنە، ئەزموون بەئەزموون پێک دەهێنێت، خۆی بەیەک جۆری واتاوە نابەستێتەوە، بەڵکو واتای جۆربەجۆر وەک وێنەی فۆتۆگراف، هەر جارەی بە ڕەنگێ نیشان دەدات.

دەمێک زوڵف خاوە، دەمێک زوڵف لوول و گژ و ئاڵۆسکاوە، دەمێک زوڵف تاتایی و نارانە، واتە زوڵف بە تەرتیبە، جارجار زاراوە، بۆ زاراوەیەکی تر دەگۆڕێت، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە زمان بە دەوڵەمەندی دەردەخات، سەرنجی خوێنەر وا لێ دەکات زیاتر لەواتای شیعرەکە بگات، واتە لە کۆت و زنجیری کلاسیکی ڕزگاری دەکات، بۆ دەرخستنی فرە واتایی، کە ئەوەش ڕێبازی ڕۆمانسییەت وەک قوتابخانەی ئەدەبی سنووری دیاری دەکات، هەروەها وێنەی شیعرەکە بە برگەیی دەخاتە بەرچاو، کە هونەرمەندی گۆرانی واچ دەخاتە بیر و خەیاڵ و هونەرمەند پرسیار لەخۆی دەکات، ئەرێ ئەم هۆ و ناوهێنانی (زوڵف)ـە، چی نیشان دەدات؟ بۆیە زۆر بەسانایی دەیکات بە ئاواز.

هەروەها مرۆڤ دەخاتە ئەو بیر و هۆشەوە کە زیاتر شیعری نەتەوەیی خۆی بخوێنێتەوە، چونکە مانای شیعرەکە بە سادەیی دەنەخشێنێت و وا لە شاعیرانی تر دەکات کە شوێن ئەم ڕێبازە ئەدەبییە بکەون، چونکە پەیڕەوی فۆلکلۆری هەورامان دەکات، بۆیە (بێسارانی) قوتابخانەیەکی نوێیە، لە بەرهەمهێنانی شیعری برگەیی و شوێن کەوتووی گاتاکان و فۆلکلۆری هونەری گۆرانی ڕەسەنە.

خواستنی بەپلار (Jroni)! جۆرێکی دیکەیە لەوێنەی هونەری ناو شیعر، بەڵام جیاوازییەکەی لەوەدایە گاڵتەئامێز و بەپلارە و بەجیاوازی لەیەک نەچوون پێکدێ. بێسارانی لە نموونەی ئەم هۆنراوەیەدا بە شێوەی گاڵتە و پلار باسی سووتانی خۆی دەکات، بەڵام لەبری ئەوەی ئاوی پێدا کەن، نەوتیان پێدا کردووە!.

**ئیمشەو ئایرێ گڕبەست نەدەروون**
**بڵێسەش یاوا بەسەقفی گەردوون**
**جە کورەی ئایر، جەبڵێسەی نار**
**ستیزام چوون بەرق، ئاو کەردم هاوار**
**جە هاوار هاوار شەفاو لاڵەی من**
**جەهەی ئاو هەی ئاو، شین و ناڵەی من**
**تەمز مەژ نەوۆ یەک خودا تەرسێ**
**موسڵمان صیفەت ڕاگەلی حەق پەرسێ**
**ماوەرۆ گوزەی نەفتی (بیت المال)**
**مەشانۆ وە ڕووی گڕ بەستەی شەماڵ**
**پێسە مەزانۆ یەگوشەی ئاوەن**
**تەمز خۆیە نەفت تەوەن بێ تاوەن**
**گوزەی نەفتش کەرد وە بڵێسەمدا**
**قرچەی گوزەی نەفت وەستێزەم دا**
**هەرتا سەحەر بێ، هەر سۆزام بەسۆز**
**سەحەر سفتە کۆم بابەردش چوون تۆز**
**هەر کەس وێنەی من ئیقباڵش جەفتەن**
**نەوا چۆ هەی ئاو، نەصیبیش نەفتەن** (١٦) هەمان سەرچاوە لا ٧١

ئاهونالەی ئەم شاعیرە دەگات بە چینەکانی ئاسمان، گڕ و کڵپەی دەروونی سووتانی بە نەوت و بەکارهێنانی نەوت لەبری ئاو بۆ ئەوەی دەروونی سارد بکاتەوە و ئاهێ زامی سووتاوی کەم بکاتەوە وای کردووە پێستەکەی بە نەوت، ئەوەندەی تر سووتانی زیاد بکات، کە پێست

سووتا گۆشت ئەو ئازارەی نامێنێ، بۆیە هەتا پێست بمێنێت ئازار زیاتر درێژە دەکێشێت، بۆیە لەو دنیا کە سزای مرۆڤەکان دەدرێت، پێستەکان دەگۆڕن بۆ پێستێکی دیکە.

(بێسارانی)ش هاوار و ناڵەی زیاتر بووە، چونکە لەبری ئاوی سارد، نەوتیان پێدا کردووە، بۆیە کڵپەی ئاگرینی تا ئاسمان چووە.

مەولەوی زانا و پاشای شاعیران، ئەویش وەک بێسارانی سەرقافڵەی ڕۆمانسییەتە، بۆیە ئاماژەدان بە شیعرەکانی بابەتی لێکۆڵینەوەکە دەوڵەمەند دەکات، بۆ ئەم مەبەستە، تەنانەت بۆ هەندێک دیاردەی سروشتگەری با بڵێین:

(الطبیعیة، یان Naturalism) لە شیعری (مەولەوی)دا دەرگای لێدوانی فەلسەفی ئاوەڵایە، ئەمەش دەرفەتی خۆی دەوێت، بەڵام کە ئێمە باسەکەمان دەربارەی ئەدەبە و ئێستا بۆ باسی فەلسەفەی ڕووت نەهاتووین دەبێت بڵێین: ئەم چەشنە دەربڕینانەش لە شیعری (مەولەوی)دا، هەر بەرەو هەستی مرۆڤگەری و تێکەڵ کردنی مرۆڤ و سروشت و لایەنە ڕۆمانتیکییەکەی خۆی دەبات کە هەموو شت بەلایەوە چالاک و زیندووەو لە جووڵان و نەوەستاندایە و هەمووی لە جەوهەردا یەکە، ئیتر جەوهەرەکە گیانیی بێ، یان ماددی ڕووت بۆ (مەولەوی) یەکە، کە لەپاڵ هەموو ئایین پەرستییەکەیدا ئەم قسە سۆفیانەشی هەیە. مەولەوی دەڵێت:

**هەرچی دیت وەچەم شی وە سەفەردا**
**هەرچی موینی هانە گوزەردا**
**کەس حاڵی نەبی وە هیچ نەفاما**
**ئەو پەی چێش و پەرد، ئێد پەی چێش ئاما** (١٧) د. عیزەددین میژووی ئەدەبی کوردی - بەرگی دووەم، لا ٤٢.

ئەو دوو بەیتەی شیعرەکەی مەولەوی ڕاستە ڕۆمانسییە، بەڵام ئەگەر ئەمە فەلسەفەی شیعری نەبێ، ئەی چیتر فەلسەفەیە؟ هەڵبەتە ئەم دوو دێڕە شیعرییە فەلسەفەیە بۆ مرۆڤ، بۆ سروشت، بۆ بیر، بۆ خەیاڵ کە ڕۆژانە مرۆڤ خەریکی ژیانە، دیارە جەوهەری شیعرەکە خودی فەلسەفەیە، بۆیە هەموو کات شیعرەکانی مەولەوی، لە دەرگاکانی هەموو لایەنەکانی ژیانی داوە، لایەک فەرامۆش ناکات و لاکەی دی بەرزبکاتەوە.

مەولەوی وەک هونەرمەندێکی لێهاتوو وێنەی سروشتەکەی دیوە و باش چاوی تێبڕیوە و چاو و گوێ و هۆشی بەهەموو لایەنێکی جوانی ئەو سروشتە پڕ بووە، دیمەنەکان و کەرەستە سروشتییەکەی زۆرباش هەرس کردووە.

ئەو هەموو نموونانەمان لەسەر ڕۆمانسییەت لە هەورامان سەری هەڵداوە، بێ گومان زۆربەی شاعیرانی هەورامان بە شیعری ڕۆمانسییەت ناسراون. ڕۆمانسییەت خەو و خەیاڵ و ئەندێشە بە ڕابوردوو و داهاتووەوە دەبینێت، ئەمە وەک دەستووری ڕۆمانسییەت دێتە بەرهەم. لە کتێبی ڕێبازی ڕۆمانتیک لە ئەدەبی کوردیدا وەها هاتووە: (کە ڕێبازی ڕۆمانتیکی لە ئەوروپا سەرهەڵدەدات)، بەڵام دیارە نووسەری کتێبەکە ئاگای لە ئەدەب و فەرهەنگی هەورامان نەبووە، ئەگینا دەیگوت لە هەورامان شاعیران سەدەیەک زیاتر پێش ئەوروپا کەوتوون لە ڕۆمانسییەتدا، لە ئەوروپا لە ساڵی (١٨١٠ز) بەدواوە ڕۆمانسییەت سەری هەڵداوە، بەڵام لە هەورامان (١٦٤١-١٧٠٢ز)، (بێسارانی) شیعری ڕۆمانسی نووسیوە.

نووسەرانی وڵاتی کوردان توێژینەوەی مەیدانییان کەمە، بۆیە لە ئەدەب و فەرهەنگی خۆیان بێ ئاگان. نامەوێ زۆر ڕەخنە لەخۆمان بگرم، بەڵام نووسەر و ڕووناکبیر دەبێ بەلایەنی کەمەوە شارەزاییان لە فەرهەنگ و ئەدەبیاتی خۆیان هەبێت، کاتێک میللەتی ئێمە گۆرانی و موزیکی هەبووە، میللەتانی دی لە سەدەکانی دوایی برەویان بەو بوارە داوە، با کەمێک ئاوڕ لە هونەر بدەینەوە، ئەی کەی بوو هونەر بە شێوەیەکی بەرفراوان پەرەی سەندووە؟

دیارە هونەری هەر میللەتێک تایبەتمەندی خۆی هەیە. ئامێری تەمبوور لە هەورامان سەری هەڵداوە، بەتایبەتی دەوروبەری ناوچەی گاوارە، هەرچەندە توێژینەوەکە لەسەر ئەدەبی ڕۆمانسییەتە، بەڵام کەمێک باسی موزیک و ئاوازیش باسەکە دەوڵەمەندتر دەکات، فەلەکەددین کاکەیی لەکۆ بەرهەم - بەرگی حەفتەمدا بەم شێوەیە نووسیویەتی و دەڵێ: (مۆسیقا بەر لە خەڵقی ئادەم هەر هەبووە)، (وەختێک پەروەردگار ئادەمی لە گڵی تەنی بە خولقاند، ڕوح ڕازی نەبوو، بچێتە ژووری ئەو (تەن)ە گڵینەوە، فریشتەکان جەم بوون و چوونە ژووری ئەو تەنەوە و لەوێ بەزم و ئاهەنگی تەمیرەیان بەست، ڕوح

(له شادمانی مۆسیقایا) مەست بوو، چووە ژووری تەنەوە و کەوتە داوەوە).

پرۆفیسۆری فەرەنسی ژان دورینگ لە زمانی تەمیرە (تەمبوورە) ژەنێکی کوردی کرماشانی دەنووسێت:

وەختێک ئادەم لە گڵ خوڵقا، ڕوح نەیدەویست بچێتە ژووری ئەو تەنەوە، فریشتەکان چوونەوە ژووری (تەن) و تەمیرەیان لێ دا، ڕوح لە خۆشی مۆسیقا مەست بوو، چووە ژووری تەن...) (١٨) کـــۆ بەرهەم - بەرگی حەفتەم، ل ١٣٣.

وێنەیەکی شیعری ڕۆمانسی بێسارانی دەستەملانی تەمبوور دەبێت کە خۆم کردوومە بەگۆرانی، ئاوازی خۆم شیعری (بێسارانی)، موزیک (زەمەند نووری عەلی) دیارە هەتا ڕستەکان، یان شیعرەکانی لە ئاستی ڕستەسازی تەواودابن، ئەوە موزیک ئاسان و پوخت دەبێت.

وێنەی هونەری لە ئاستی سێنتاکسیدا! لەم ئاستەدا و بەپێی میتودی ستایلناسیی نوێی ڕۆژئاوا چەندان چەشن و جۆری هونەریمان هەیە، بەڵام لێرەدا تەنیا ئاماژە بە جۆرێکیان دەکەم کە شاعیر بەیتەکانی خۆی لە شێوەی پرسیار دادەڕێژێت؟ ئەمەش چەمکی شیعرەکەی (بێسارانی)یە کە خۆم ئاوازم بۆ داناوە، بەم شێوەیە هاتووە:

**چراغم کامەن، چراغم کامەن؟**
**نە عەرزت عەرزەن، نە نامەت نامەن**
**مەر قاتیی کاغەز، دوعا و سەلامەن؟**
**مەر پەڕەی کاغەز بڕیان جەشاران**
**سیاش بکەری پەی دەردە داران؟**
**یا کاغەز بڕیان،، یان مەڵا مەردەن**
**یاخۆ عارتەن، دۆس وەیاد کەردەن** (١٩) گۆڤاری هەورامان، ژمارە (٤٠) لا ٧٣.

موزیکیش هەر لەسەردەمی ڕۆمانسییەتدا، زیاتر پەرەی سەند، چونکە جاران تەنیا کۆت و بەند بوو بە شوێنە تایبەتییەکان، بەڵام شیعری بڕگە و شیعری ئازاد هاتنە مەیدانەوە، هونەرمەندەکان سەربەست بوون، بە ئاوازدانان بایەخیان بە بووژانەوەی فۆلکلۆردا، موزیکیش دەرگاکانی واڵا بوو، میللەتان داوای سەربەخۆییان کرد، بەڵام هەورامان هەم ئاواز، هەم موزیک، هەم شیعر لەوەتەی هەورامان هەبوو، ئاواز و موزیک و شیعر و شاعیر زیاتر بایەخیان بە ڕۆمانسییەت داوە.

**سەرچاوەکان:**


**١-حەکیم مەلا ساڵح، بێسارانی، دیوانی بێسارانی، چاپی یەکەم، سنە ساڵی (١٣٧٥)ی هەتاوی، ل٢٠.**

**٢-خورشید ڕەشید ئەحمەد، ڕێبازی ڕۆمانتیکی لەئەدەبی کوردیدا، چاپی یەکەم، بەغدا، ساڵی (١٩٨٩ز)، ل ٢٧.**

**٣-لەزۆن قادر عبدالرحمن، شیعرییەت لای بێسارانی، گۆڤاری هەورامانی، ژمارە (٤٠) تایبەت، چاپی یەکەم، چاپ تەزنە، سلێمانی، ساڵی (٢٠٠٩ز)، لا ٥٢.**

**٤-د. محەمەد ئەمین هەورامانی، ڕەسەنایەتی زمانەکەت بناسە، چاپی یەکەم، هەولێر، ساڵی (٢٠٠٥ز)، لا١٧٤**

**٥-خورشید ڕەشید ئەحمەد، ڕێبازی ڕۆمانتیکی لەئەدەبی لوریدا، چاپی یەکەم، بەغدا، ساڵی (١٩٨٩ز) لا ٣٤.**

**٦-سەرچاوەی پێشوو، لا ٢٢.**

**٧-د. محەمەد ئەمین هەورامانی، ڕەسەنایەتی زمانەکەت بناسە، چاپی یەکەم، هەولێر، ساڵی (٢٠٠٥ز)، ل ١٧٢.**

**٨-سەرچاوەی پێشوو، لا ١٧٢.**

**٩-لەزۆن قادر عبدالرحمن، شیعریەت لەلای بێسارانی، گۆڤاری هەورامان، ژمارە (٤٠)ی تایبەت، چاپی یەکەم، چاپی تەزنە، سلێمانی، ساڵی (٢٠١٩ز) لا ٥٩.**

**١٠-سەرچاوەی پێشوو، لا ٥٩.**

**١١-سەرچاوەی پێشوو، لا ٥٩.**

**١٢-حەمەڕەشید ئەمینی پاوە، بێسارانی وێنەگرێکی ئەدەبی کارامۆ، گۆڤاری هەورامان، ژمارە (٤٠)ی تایبەت، چاپی یەکەم، چاپی تەزنە، سلێمانی، ساڵی (٢٠١٩) زاینی، لا ١٣٢.**

**١٣-سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٠.**

**١٤-لەزۆن قادر عبدالرحمن، شیعرییەت لای بێسارانی، گۆڤاری هەورامان، ژمارە (٤٠) تایبەت، چاپی یەکەم، چاپی تەزنە، سلێمانی، ساڵی (٢٠١٩ز)، لا ٧٠.**

**١٥-سەرچاوەی پێشوو لا ٧٠.**

**١٦-سەرچاوەی پیشوو لا ٧١.**

**١٧-د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، سلێمانی، ساڵی (٢٠١٦ز)، ل٤٢.**

**١٨-فەلەکەددین کاکەیی، کۆ بەرهەم، بەرگی حەفتەم، چاپی یەکەم، هەولێر، ساڵی (٢٠١٥ز)، لا ١٣٣.**

**١٩-لەزۆن قادر عبدالرحمن، شیعرییەت لای بێسارانی، گۆڤاری هەورامان، ژمارە (٤٠)ی تایبەت، چاپی یەکەم، چاپی تەزنە، سلێمانی، ساڵی (٢٠١٩ز)، لا ٧٣.**